
پۆلیسی تورکیا دەیان کەسی لە باکووری کوردستان بەهۆی خۆپیشاندانەوە دەستگیرکرد



پۆلیسی تورکیا هەرشیکردەسەر خۆپیشاندەرانی شارەکانی باکووری کوردستان و زیاتر لە 85 کەس دەستگیرکران، لە مەردین و مەرسینیش، 15 کەس لە ئێنجامی هێرشکوتانە سەر ماڵان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

کاردانەوەکانی دژی سێپاندنی قەیوم بەسەر شارەوانییەکانی، مەردین و ئیلح و خەلفەتی باکووری کوردستان، بەردەوامن و هاوڵاتییان لە چەند شارو شارۆچکەیەک خۆیشاندانیان کرد.

میدیاکانی باکووری کوردستان بڵاویان کردەوە: ئەمڕۆ لە شاری ئیلح، خۆپیشاندان لەدژی سێپاندنی قەیوم بەڕێوەچوو و پۆلیسی تورکیا هێگری لێکردن و زیاتر لە 85خۆپیشاندەر دەستگیرکران.

لە ئێنجامی هێرشکوتانە سەر ماڵانیش لە مەردین و هەرێک لە ناوچەکانی ئاکدەنیز و یەنیشەهر و تەرسلاری پارێزگای مەرسین، 15 کەس بە تەمەتی پەیوەندی و کاری هێکخستن بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەستگیرکران.